بانکی ناوەندی دەنگی سزادانی ژمارەیەک بانکی دیکەی عێراقی لەلایەن وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکاوە دوورە لەئاستیەوە



پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق جەخت دەکاتەوە، سزادانی ژمارەیەك بانك و کەمپانیای عێراق و دەستانەگەیشتنیان بە دۆلار، هۆکارەکەی پابەندنەبوونییانە بە داواکارییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان. هەروەها رەتی دەکاتەوە وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا بڕیاری سزادانی ژمارەیەک بانکی دیکەی عێراقی دەرکردبێت.

ئەمڕۆ چوارشەممە، عەلی عەلاق، پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق بۆ میدیای فەرمی راگەیاند: جیاوازییەکی گەورە هەیە لێنوان دانانی بانکێک لە لیستی سزاکان لەلایەن نووسینگەی چاودێریکردنی سەروەت و سامانی دەرەکی (OFAC) و ڕاگرتنی بانکێک لە مامەڵەکردن بە دۆلار، کە ئەمەیان نەك هەر سزا نییە، بەڵکو پاڵنەر و هاندانێکە بۆ پابەندبوون بە مەرجەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و بڕینگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و پارێزارکردنی تیرۆر.

پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق ئاماژەی بەوەش کرد، بانکە عێراقییەکان دەتوانن هاوبەشبوونکانیان ڕاست بکەنەوە کە پێویستە بە چوونە ناو مامەڵە دۆڵارییەکانیان بۆ شۆڕشێک بێت کە

سەلامەتی سیستەمی ناوخۆیی و نەودۆوەتی لە مەترسیەکان بپارێزێت و مسۆگەریان بکات.

عەلی عەلاق رێتیکردۆو وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا بەیاری سزادانی ژمارەیەک بانکی دیکەی عەراقی دەرکردبێت، بەڵکو ئەوەی لەم دواییانەدا دەرچووە تەنیا پەیوەندی بە بانکی هودا و و سەرکی دەستی بەڵوبڕایەتییەکەیەوە هەیە.

ناوبراو رووونیشیکردەوزە، بانکی ناوەندیی لە کارەکانی بەردەوام لە پرسە تایبەتەکانیش بەردەوام دەبێت بەتایبەت هەندك لە بانکەکان بەهۆی پابەندبوونیان بە رێنماییە گشتییەکانی تایبەت بە سپیکردنەوەی پارە و پارەدارکردنی تیرۆر لە پشتگیرییەکانی خۆی بەبەش دەکات.

بەگوتەی عەلی عەلاق، لیژنەی غەرامە و سزا هەیە کە هەفتانە دۆیان بۆیار دەردەکات سەبارەت بە سزادانی بانك و کەمپانیاکان. هەروەها گوتی، بانکەکان و کەمپانیاکان پێویستە یاساکانی پابەندبوون و ستاندارد نەودۆوەتییە دروستکان جێبجێ بکەن.